مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# دور علم اللغة العصبي في تطوير معلمي اللغة الكردية

صالح عبد الله بابكر

قسم اللغة الكردية، مركز البحوث، جامعة رابرين، إقليم كردستان، العراق

salh.abdulla@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** علم اللغة العصبي، اللغويات الوظيفية، الطالب، المعلم، العلم، التدريس

**كيفية اقتباس البحث**

بابكر , صالح عبد الله , دور علم اللغة العصبي في تطوير معلمي اللغة الكردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
**IASJ**

مسجلة في Registered
**ROAD**

# The role of neurolinguistics in the development of Kurdish language teachers

**Saleh Abdullah Babkar**
**Kurdish Department, Research Center, Raperin University, Kurdistan Region, Iraq**
**salh.abdulla@uor.edu.krd**

**Keywords** : Neurolinguistics, Applied Linguistics, Student, Teacher, Science, Teaching

**How To Cite This Article**
Babkar ,Saleh Abdullah ,The role of neurolinguistics in the development of Kurdish language teachers,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research, entitled "The Role of Neurolinguistics in Training Kurdish Language Teachers" is a theoretical investigation in the field of neurolinguistics and psychology. As a branch of applied linguistics, the primary objective of this research is to enable teachers to deliver lessons more effectively and have a greater impact on advancing the educational and instructional process. Through language, it interprets the psychological dimensions of students and reaches their subconscious mind. Subsequently, through language and according to psychological dimensions, it engages with them and conveys the message to the foundational schema of students in their subconscious mind, works on their weaknesses, and finds the necessary solutions for them, transforming an unsuccessful person into a successful one.

الملخص: هذه الدراسة تحت عنوان (زمانەوانی دەماری ودوره في تكوين معلمي اللغة الكردية) وهي دراسة نظرية في مجال علم اللغة العصبية وعلم النفس. إذ هي فرع من زمانەوانی کارەکی

والهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تمكين المعلمين من التدريس بكفاءة أكبر والحصول على بصمة أكبر في تطوير عملية التربية والتعليم، عبر اللغة يدرس مدى نفسية الطلاب ويصل إلى عقولهم اللاواعية، ثم يتصرف وفقا للتقديرات النفسية ويوصل الرسالة إلى خريطة الطلاب في عقولهم اللاواعية، والعمل على نقاط ضعفها وإيجاد الحلول اللازمة لهم للتحول من شخص فاشل لشخص ناجح.

## زمانەوانی دەماری رۆڵی لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی

**صالح عبدالله بابكر**

**بەشی کوردی، سەنتەری توێژینەوە، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق**

salh.abdulla@uor.edu.krd

**پوختە**

ئەم لیکۆڵینەوە لەژێر ناونیشانی (زمانەوانی دەماری رۆڵی لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی) لیکۆڵینەوەیەکی تیۆرییە لە بواری زمانەوانی دەماری و دەروونیدا. کە لقێکی زمانەوانی کارەکییە مەبەستی سەرەکی ئەم لیکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن بە شێوەیەکی کاراتر وانە بڵێنەوە جێپەنجەیان زیاتر بێت لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە رێگەی زمانەوە، خوێندنەوە بۆ ئەندازەی دەرونی خوێندکارەکان دەکات و دەگاتە عەقڵی بیئاگایان، دواتر بە هۆی زمانەوە بەگوێرەی ئەندازە دەرونیەکان مامەڵە دەکات و پەیامەکە دەگەینێتە نەخشەی زەمینی خوێندکاران لە عەقڵی بیئاگاییاندا، کار لەسەر خاڵە لاوازەکانی بکات و چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە لە کەسێکی شکستخواردو بگۆڕێت بۆ کەسێکی سەرکەوتوو.

**کلیلە وشە :**زمانەوانی دەماری، زمانەوانی کارەکی، خوێندکار، مامۆستا، زانست، وانەوتنەوە

**پێشەکی:**

**(./.) ناونیشانی لیکۆڵینەوەکە:** (زمانەوانی دەماریی رۆڵی لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی) بۆ تەرخانکراوە، لیکۆڵینەوەیەکی تیورییە لە بواری زمانەوانی دەماریی و دەرونیدا.

**(./١)هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** لە ئەنجامی هەبونی چەند گرفتێک لە پرۆسەی خوێندندا، کەمی ئارەزوی خوێندکار بۆ خوێندن و نزمی ئاستی خوێندکار، پەیوەندیەکی گونجاو لە نێوان خوێندکار و مامۆستادا ئەمانە بونەتە هۆی ئەوەی نەم ناونیشانە هەڵبژێرم و لە پرۆسەی خوێندندا سودی لێببینین، بە مەبەستی چارەسەر کردنی گرفتەکان بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن.

**(./٢) گرنگی لیکۆڵینەوەکە:** دەتوانین گرنگی ئەم لیکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە روو :-

١- گەشەپێدانی توانا و وزە و لێهاتوویە شاراوەکانی مامۆستا و خوێندکاران، چونکە خوێندکار ئاوێنەی مامۆستایە، مامۆستای سەرکەوتو یەکسانە بە خوێندکاری سەرکەوتو.

٢- گەشەدان بە کۆی کۆمەڵگە لە ڕێگەی گەشەدان بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن.

٣- چۆن بتوانین فێرکردنێکی نەزەری ناخۆش بگۆڕین بە فێربوونێکی بەتام و چێژ و کارا و سود بەخش.

**(٣/.) سنوری لیکۆڵینەوەکە:** لیکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی (زمانەوانی دەرونی و دەمارییە) لە پەیوەندی نێوان زمان و دەمار و دەرونی خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی دیاریکردنی

ئەندازەی دەرونیان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، بۆ گەیاندنی پەیامی خوێندن بە شێوەیەکی سەرکەوتوو.

**(٤/.) ڕێبازی لیکۆڵینەوەکە:** لەم لیکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) پەیرەوکراوە.

**(٥/.) گرفتی لیکۆڵینەوەکە:** گرفتی لیکۆڵینەوەکە کەمی سەرچاوەیە لەسەر بابەتەکەمان ، لە ئەنجامی نەبوونی قوتابخانە، نەمان توانی لایەنی پراکتیکی ئەم لیکۆڵینەوەیە باس بکەین تاوەکو لیکۆڵینەوەکەمان دەوڵەمەندتر بکەین.

**(٦/.) بەشەکانی لیکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەم دوو بەشە پیکهاتووە:

بەشی یەکەم بەناونیشانی (پرۆگرامی زمانەوانی دەماری و تایبەتمەندیەکانی) هەروەها باس لەبەشەکانی مێشک و هەردو نیوەگۆی مێشک و ئەقڵی ئاگا و بێئاگا، شەپۆلەکانی مێشک دەکەین.

بەشی دوەم بە ناونیشانی (پرۆگرامی زمانەوانی دەماری لە بەرزکردنەوەی تواناکانی مامۆستایانی زمانی کوردی) دەکەین و هەروەها ئەو جیاوازییە دەخەینە ڕوو لەنێوان دوو مامۆستا بەدیدەکرێت یەکیان خولی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بینیوە و ئەویتریان شارەزایی لەو بوارەدا نییە، هەروەها باسی پلانی ستراتیژی تاکەکەس دەکەین بەمەبەستی گەشەدان بە تواناکانی مامۆستایان، باسی شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاریدەکەین، باسی بەهێزبونی یادگە و تەرکیز دەکەین، باس لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکەین لە نێوان مامۆستا و خوێندکاران، باسەکە دەکەینە چوارچێوەی (زمانەوانی دەرونی و دەماری) کە لقێکی زمانەوانی کارەکییە.

### بەشی یەکەم:- پرۆگرامی زمانەوانیی دەماریی و تایبەتمەندییەکانی :-

زمانەوانی گشتی دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش: (زمانەوانی تیوری، زمانەوانی کارەکی). زمانەوانی تیوری ئەو لقەیە باس لەلایەنە تیۆرییەکانی زمان دەکات کەچەند لقێک لە خۆ دەگرێت وەک: (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی، وشەسازی، ڕستەسازی، ماناسازی، پراگماتیک، زمانەوانی مێژوویی).

زمانەوانی کارەکی ئەم زانستە، زانستێکی هاریکارە لەگەڵ زانستەکانی تری مروڤایەتی، لە وانە (دەروونناسی، کومەڵناسی، کۆزمانەوانی، پەروەردەناسی، فەرهەنگناسی . هتد ). واتە ئەم زانستە پردی پەیوەندییە لەگەڵ زانستەکانی تر، لە خزمەتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت وەک: (زمانەوانی دەروونی، زمانەوانی دەماری، زمانەوانی کارەکی). (خۆشناو ، ٢٠١٦: ٧-١٣).

## [١-١] پرۆگرامی زمانەوانی دەماریی:

گەر پێناسەیەک بۆ پرۆگرامی زمانەوانی دەماریی بکەین وەک زانستێکی سەردەم بۆ ئەوە سەریهەڵداوە کە بە توانایەکی کەم و کاریگەریەکی بەهێز بتوانرێت مێشکی بەرامبەر کۆنترۆڵ بکرێت و پرۆگرام بکرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پرۆگرامکردنی زمانی دەماری هەم مێشک فورمات دەکات هەم پرۆگرامی دەکاتەوە. (دزەیی، ٢٠١٣: ٦٧) وە (( لە بەرئەمەش خەڵک بەرێگای جیاواز هەست بە پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری دەکەن کە بۆ مەبەستی جیاواز سودی لێدەبینن، هەر بۆیەش بەچەند شێوەی جۆراوجۆر پێناسەدەکرێت، لێرەشدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینە ڕو.)). ( محمد ، ٢٠١٤:١٤).

د. ریچارد: لێکۆڵینەوەی بابەتیانەیە بۆ تاقیکردنەوە، کۆمەڵێک تەکنیک بەدوای خۆیدا دەهێنێت)). (دزەیی، ٢٠١٣ :٦٧).

د. تاد جیمس: لێکۆڵینەوەی بابەتیانەیە بۆ تاقیکردنەوە کەکۆمەڵێک تەکنیک بە دوای خویدا دێنیت)). (دزەیی، ٢٠١٣: ٦٧ ).

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لەلایەن ئەو زانایانەوە بەگوێرەی بوارەکەی خۆیان چەندین پێناسەیان بۆکردووە، ئەوەی لەسەری کۆکن ئەمانەن:

**دەمار:** ئاماژە بۆ کۆئەندامی دەمار دەکات واتە پێنج هەستەکەمان کەلەڕێگەیەوە دەبینین و دەبیستین و بۆندەکەین و تام دەکەین و هەستدەکەین.

**زمانەوانی:** ئاماژە بۆ تواناکانمان دەکات بۆ بەکارهێنانی زمانی گوترا و زمانی جەستە، تاکو شێوازی بیرکردنەوە و بیرورا بدۆزینەوە و بەرامبەر بخوێنینەوە.

**پرۆگرامکردن:** ئەو توانستەیە کە توانای دۆزینەوە و بەکارهێنانی پرۆگرامە عەقڵیەکان دەگرێتەوە لەعەقڵمان کەلەپەیوەندی کردنەکانماندا لەگەڵ کەسانیتر بەبێ ئاگایی، بەکاردەهێنرێت، لەرێگای ئەم پروگرامکردنە زمانی عەقڵ بەکاردێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەهێزو باش.)). (دزەیی، ٢٠١٣: ٦٧)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**هەندێک زانیاری گرنگ دەربارەی کۆئەندامی دەمار:**

یەکێکە لەگرنگترین کۆئەندامەکانی مرۆڤ و پەیوەندی راستەوخۆی بەکارو فرمانی سەرجەم کۆئەندامەکانی تری لەشەوە هەیە، کۆئەندامی دەمار بەهەماهەنگی چالاکیەکانی ماسولکە و ئەندامەکان، رێکوپێکی ناوخۆیی لەجەستەدا دەپارێزێت، کارەکانی تری کۆئەندامی دەمار بریتییە لە توانای فێربوون و تێگەیشتن لەهەستەکانی وەک چێژی دڵخۆشی، ترس، مەترسی، ئەرکەکانی ئەم ئەندامە لە رێگەی ئاماژەدان و پەیامی ئەلکترۆکیمیایی لەنێوان دەمارەکان و خانەکانی تردا ئەنجام دەدرێت، کۆئەندامی دەمار پەیوەندی هەیە بەچەندین زانستی جۆراوجۆر، لەوانە زانستی زمان و زانستی دەروونی دەمار و زانستی نوێکاری و شیکاری... هتد.

بەگشتی کۆئەندامی دەمار بەجۆرێک رێکخراوە کە هاندەرە هاتوەکانی ژینگە وەک ( هاندەری بینین یان هەستکردن) لە سیستەمی دەماری دەوربەرەوە دەنێردرێت بۆ مێشک، بەخێرایی پەیوەندی لەگەڵ دەمارەکانی مێشکدا دەکەن، پاشان مێشک سیگناڵ دەنێرێت بۆ بەشە جیاوازەکانی دیکەی جەستە ئەم سیگناڵانە دەتوانن سیگناڵی فیزیکی بن و جوڵەی خۆویستانە بەکاربهێنن و ئەو دەمارانەی کە سیگناڵە جەستەییەکان دەگوازنەوە بۆ ماسولکەکانی ئێسکەپەیکەر و ماسولکەکانی زمان، لە لایەکی ترەوە ئەو سیگناڵانەی لە مێشکەوە دەنێردرێت دەتوانن سیگناڵی سەربەخۆبن کەکار لەسەر رژێنەکان، ماسولکەلووسەکان و ناوچەکانی تر دەکەن بەگشتی بەشێکن لەوەڵامە خۆنەویستەکان).

(لاجان، ٩ پوشپەر، ٢٠١٤).

**بەشەکانی کۆئەندامی دەمار لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:-**

**١- چێوەکۆئەندامی دەمار.**

**٢- ناوەندەکۆئەندامی دەمار.**

چێوە کۆئەندامی دەمار (لە زۆر کۆمەڵەدەمار پێکدێت کە بە هەموو لایەکی لەشدا بڵاوبووەتەوە و فەرمانیان گەیاندنی هەموو جۆرە هاندەرێکە لە هەستە ئەندامەکانەوە بۆ کۆئەندامی دەمار.

ناوەندە کۆئەندامی دەمار - پێکدێت لەو مێشکەی لەناو کەلەسەردا هەیە، کە بریتییە لە سندوقی مێشک کە دەیپارێزێت و پارێزگاری لێدەکات، وە لە رووی پێکهاتنەوە لە دوو بەش پێکدێت: دەماخ و درکەپەتک.

(ئەحمەد، کۆئەندامی دەمار، ٢٠٢١).

**ا- درکەپەتک:**


ئەمیش (ئەو بەشەی ناوەندە کۆئەندامی دەمارە بە درێژکراوە و تەواوکاری دەماخ دادەنرێت، دەکەوێتە ناو بڕبڕەی پشت، لەڕووی پێکهاتە و ئەرکدا درکەپەتک سادە و ساکارترە لە دەماخ، ئەرکی سەرەکی پاراستنی لەشە لە رێگای هەڵسان و بە ئاکام گەیاندن لە پەرچەکردار، سەرەڕای

بەشداربوون و هاوکاریکردنی دەماخ بە ئاکام گەیاندنی هەندێک جوڵە و چالاکی بە مەبەست، واتە درکەپەتک ناوەندێکە لە نێوان دەماخ و ئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤ)). (صالح، ٢٠١٤: ٤٩)

**ب - دەماخ:**

باسێکی دەماخ بکەین ((دەماخ بە مەڵبەندی ڕێکخستنی وەڵامدانەوە خۆویست و خۆیەکانی وریاکەرەوە هەستییەکان دادەنرێت، لە ناویاندا مەڵبەندی کۆنترۆڵی کرداری هەناسەدان و گواستنەوەی ماددەکان لەناو لەشدا هەیە، سەرەڕای مەڵبەندەکانی کۆنترۆڵی جوڵە خۆویستەکان و ناوچە هەستییەکان وەک: بینین و بیستن ..... هتد. دەماخ بە پەیوەندییە زۆرە هاوچەشنەکان و توێکاری فەرمانە جۆر بەجۆرەکانییەوە دەناسرێتەوە لەنێوان بەشە جیاوازەکاندا)). (صالح، ٢٠١٤: ٤٩)

**(٢/١) مێشک و بەشەکانی:**
١- مێشک
٢- مێشکۆکە
٣- قەدی دەماخ



ڕەگی مێشک مێشکۆکە

ئەمەش بەش بەحاڵی خۆی لە ((ناوە ندە دەماخ ، پرد ، لاکێشە مۆخ، دیناسفالۆن پێکدێت)) (صالح، ٢٠١٣: ٤٩).

١- ((مێشک): ئاڵۆزترین ئەندامی لەشی مروڤە دەکەوێتە ژێر کەلەی سەرو لە نزیکەی دە بلیۆن خانەی دەماری (نیۆرۆن) وە بلیۆنەها ڕیشاڵ کەئەو خانانە پێکەوە دەبەستێتەوە پێکهاتووە، ڕووی سەرەوەی مێشک بریتییە لە کۆرتێکس کە هەندێک جار پێی دەگوترێت مادە

ڕەساسیەکە کەئەویش لە ملیۆنەها نیۆرۆن پێکهاتووە، لە ژێر ئەو کورتێکسە مادەی سپی کە لەڕیشالە بەستتەرەکان پێکهاتووە، کورتێکس ئەو ئەندامەیە کەبڕیارەکانی بەدەستە و پەیام لەئەندامەکانی هەستەکان وەردەگرێت و هەر ئەویش دەست بە کرداری دەستپێک بۆ هەر جووڵەیەک ئەنجامی دەدات کورتێکس واتە شوێنی هە موو تواناکان و بڕیارەکان و عەمباری یادگاکانمان لە شوێنێکی نێو ئەو مادە ڕەساسیە ئەو ڕێزمانە هەیە کەنوێنەرایەتی زانیاری زمانی هەر یە کێک لە ئێمەدەکات)). ( هیمداد عبدالقهار محمد ،١-٢).

٢- مێشکۆکە:

ئەو بەشەی مێشکە (شێوەکەی تارادەیەک هێلکەییە، لە ناوەڕاست تەسکبوتەوە، لە سەرەوە و خوارەوەی پانە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشتی ڕەگەمێشکەوە، بەرپرسی جوڵەی جەستەیە کەواتە لەخۆگرتەی یادگەی جوڵەکردنە، بەم یادگایە دەگوترێت یادگەی جوڵەیی یان یادگەی ماسولکەکان زۆرێک لەوەرزشوانە ناوازەکان خاوەنی مێشکۆلەیەکی زۆر پێشکەوتوون). (ئەکسافیە، ٢٠١٤ ، ١٠)

٣- قەدی دەماخ:

بەشێکی دیکەی مێشک کە بەشی کۆتایی دەماخە لە ڕوخساردا لە درکەپەتک دەچێت، هەروەها دەماخ بە درکەپەتک دەگەیەنێت، لاکێشە مۆخ مەڵبەندی کۆمەڵێک دەمارە کە هەندێک کردار دەکەوێتە ژێر ڕکێفیان وەک کرداری هەناسەدان ، ڕێکخستنی لێدانی دڵ)). (سالح، ٢٠١٤: ٥١)

**٣/١ عەقڵی بەئاگا و بێئاگا:**

عەقڵی بەئاگا و عەقڵی بێئاگا (هەست و نەست ) دوو عە قڵی جیاوازنین، بەڵکو هەردەمان عەقڵن، بەڵام پەیوەندی بەشەپۆلەکانی مێشک هەیە، کاتێک شەپۆلەکانی مێشک لەباری (گاما) و (بێتا) بێت ئەوا پێیدەگوترێت عەقڵی بەئاگا، شەپۆلەکان لە باری (ئەلفا) و (سێتا)و(دەلتا) بێت ئەوا پێیدەگوترێت عەقڵی نائاگا.((حوسێن . فە رهادی ،٢٠١٢ : ٥٧)).

پەیوەندی نێوان مێشکی سەروو خوارو، مێشکی سەرەوە پێشی دەگوترێت مێشکی ئاگامەندو وشیار یان مێشکی نوێ، لە پزیشکیشدا پێیدەگوترێت پێشی میشک - ئەو ڕوپۆش و چرچ و لۆچەی کە زیاتر لەپەتویەکی ئەستور دەچێت کە دراوە بەسەر مێشکی سانتراڵی خواروودا مێشکی سەرو لەدوا دوایەکانی گەشەکردنی مرۆڤدا دروست بوە، بەشێکی زۆری چالاکی ناو جومجومەی پڕکردوەوە تا گەیشت بەم خانانەی ئێستا کە زیاتر لەلای مرۆڤ و دۆلفین و نەهەنگەکان بەدیدەکرێت، شایەنی باسە کاتێک ئێمە باسی لای چەپ و ڕاستی مێشک دەکەین مەبەستمان لای چەپ و ڕاستی مێشکی سەروە، بەلام مێشکی خوارو ناخود ئاگا مێشکی کۆن، مێشکی خشۆکەکان، مێشکی خۆڕسک ناوزەددەکرێت، ئەم مێشکە زیاتر سەروکاری لەگەڵ چالاکییە ڕۆژانەییەکاندایە کە زۆرجار ئاگاییمان درکی پێ ناکات، وەک چاودێریکردنی پلەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

گەرمای جەستە، فشاری خوێن، پرۆسەی هەرسکردن و کارلێکە کیمیاییەکانی جەستە ...... هتد

هەروەک دیارە مێشکی خوارو بەرپرسە لە هەست و سۆزەکانت، مێشکی خوارو لە روی گەشەکرنەوە زۆر

سەرەتاییەو خەسڵەتەکانی ئاژەڵی تێدا باڵادەستە تا حەفتاکانی ئەم سەدەیە وادەزانرا کە هەردو مێشکی سەروو خوارو بەشێوەیەکی رێژەییانەو بەشێوەی جیاجیا کاردەکەن، مێشکی سەرو لەروی ئەرکەکانیەوە هیچ جۆرە توانایەکی بەسەر مێشکی خواروداا ناشکێت، بەتایبەت ئەو ئەرکانەی کە پەیوەستن بە هەندێک لە چالاکییە جەستەییەکانەوە. (بۆزان، ٢٠١٠: ٢٦-٢٧).

**تایبەتمەندییەکانی عەقڵی ئاگایی:**

بیرمەندە تەرکیزەکانی سنووردارە، (پرۆگرامی عەقڵی بیئاگا دەکات بە تەمرینی یان بە ئەرێنی، لۆجیک و شیکارە، دەتوانێت قەناعەتەکانی مرۆڤ بۆ باشە بگۆڕیت، پاشان گۆڕانێکی باش بەسەر عەقڵی بیئاگا بهێنێت). (الفقی، ٢٠١٤: ٢٣)

**ئەرکەکانی عەقڵی ئاگایی:**

١- زانینی زانیارییەکان.

٢- بەراوردی زانیاری نوێ و رابردوو.

٣- ئەنجامدانی شیکردنەوەی زانیارییەکان واتە لەکاتی شیکردنەوەی زانیارییەکاندا بەرێگای سرینەوە و گشتاندن و شێواندن زانیارییەکان شیدەکاتەوە.

**تایبەتمەندییەکانی عەقڵی بێئاگایی:**

١- ((یادگاکان خەزن دەکات و زانیارییەکان تۆمار دەکات)). (الفقی، ٢٠١٤ : ٢٥)

٢- یادگاکان رێکدەخات.

٣- یادگارییە سەرکوتکراوەکان دەردەخات.

٤- باری نیگەتیف چارەسەر ناکات)). (دزەیی، ٢٠١٣: ٨٦-٨٧)

**ئەرکەکانی عەقڵی بێئاگایی:**

١- یەکێک لە ئەرکەکانی عەقڵی بێئاگای (عەمبارکردنی زانیاری و یادگاکانە عەقڵی بێئاگای ئەزموونەکانی مروڤ لەرێگای بینین، بیستن، تام و بۆن و هەستکردنەوە خەزن دەکات، واتا وێنە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

و شێوە و ڕەنگ و دوریەکان و قەبارە و شوێن و جوڵە و دەنگ و ساردی و گەرمی و نەرمی و زبری خەزندەکات.

٢- جێگای هەست و سۆزە، مەیل و ئارەزووەکانی هەست ئاڕاستە دەکات.

٣- زاڵە بەسەر هێزی جەستەی دەرونی (محمد، ٢٠١٤: ٢٥،٢٤).

گەر ڕونکردنەوەیەک بۆ ئەقڵی بێئاگایی بکەین (عە قلی بێئاگا ٪٩٠ عەقڵی مرۆڤ داگیرکردوە، کۆنترۆڵی ئەرکەکانی جەستە دەکات و چارەسەری کێشەکانی لایە ، ئەگەر ئەم بەشەی مێشک لەکاربکەوێت، ئەوە مروڤەکە دەمرێت، چونکە فەرمانی کارکردنی ئەندامەکانی لەش لەعەقڵی بێئاگاییەوەیە .). (صالح، ٢٠١٤، ١٧٦).

**(٤/١) لای ڕاست و چەپی مێشک:**


مێشکی مرۆڤ دابەشدەبێت بۆ دوو نیوە و هەر هەندێکمان نیوەگۆی مێشکمان زیاتر لەوی تریان بەکاردەهێنین، وە ئەگەر هاتوو بەشی لای چەپی مێشکمان زیانێکی پێگەیشت ئەوا بەشی لای راستی جەستەمان لەوانەیە دووچاری ئیفلیجی بێت و بەپێچەوانەکەشی هەر راستە بەمانایەکی تر ئەتوانرێت بڵێین کە هەر بەشێک لە مێشکمان کۆنترۆڵی لای پێچەوانەی خۆی دەکات لەجەستەدا . (بوزان، ٢٠١٠ ، ٢١)

وە (( باشترین فێربوون لای ئێمە لە کاتێکدا دەبێت کە هەردوو لای ڕاست و چەپمان بەکاربهێنین واتە فیربوون بەهەموو مێشک )) (سامپسن و مایەر، ٢٠٠٧ ، ٢٣-٢٤-٢٥).

وە هەر بەشێک بەرپرسە لەشێواز گەلێک بیرکردنەوەی دیاریکراو کە تایبەتن بە توانای کارگەلی دیاریکراو، سەرباری بوونی هەندێک کارلێک لەنێوان هەردو نیوەگۆی مێشک، بەڵام هەریەکەیان بەشێوەی جیاواز زانیاری وەردەگرن.

**مێشکی ڕاست :-**
**مێشکی چەپ:-**
**زمان-**

**وشەوقسەکردن**

| | | |
|---|---|---|
| داهێنان<br>وێنه کردن<br>عەقڵکاری<br>شێوه<br>وێنەو خەیاڵ<br>دیدگا و دووری<br>مۆسیقا<br>کێش سەروا<br>وردەکاری<br>هونەر و<br>وێنەی گەورە |  | ژمارەکان<br>لۆژیک،<br><br>ڕیزبەندی<br>نوسین<br>خوێندنەوە<br>بیرکاری<br>وەزن قافیە<br><br>وێنەکێشان |

بۆ ئەوەی ژیانمان بەشێوەیەکی ئەرێنی کارا بەرێوەبروات پێویستە گرنگی بدەین بە هەردوو لای مێشکمان بە گرنگی پێدانێکی هاوسەنگ، ئەوکەسانەی نیوە گۆی لای ڕاست، لای چەپیش بەهاوسەنگی بەکاردێنن ژیانێکی باشتریان دەبێت، وەکو ئەوانەی تەنها گرنگی بەیەک بەرەی مێشک دەدەن، ئەوکەسانە بەخێرای تێدەگەن، زۆرینەیان لێهاتوو بلیمەتن، بەڵام بۆ بێبەختی ڕێبازی فێرکاری نویێ بەگشتی تیشک دەخاتە سەر چالاکییەکانی نیوەی لای چەپی مێشک، هیچ گرنگی بە چالاکییەکانی نیوەی لای ڕاستی مێشک نادات.(ئەفسایە، ٢٠١٤، ١٥-١٦).

هەروەها((مۆلفێز) لە ساڵی ١٩٧٧) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەریخستوە کەبەشی لای چەپی مێشک هەر لەگەڵ لە دایکبوندا هەستیارە سەبارەت بە بابەتی زمان بەو پێیە منداڵانی تەمەن یەک ڕۆژ چالاکی کارەبایی زیاتریان هەبووە سەبارەت بە دەنگە دەربڕاوەکانی لای چەپدا، وەڵامدانەوەیان بۆ دەنگە دەربڕاوەکان کەمێک زیاتر بوو لەلای ڕاست، زمان پەیوەندیەکی تایبەتی بەلای چەپی مێشکەوە هەیە بەڵگەکانمان لەمانەوە دێت. )(صالح، ٢٠١٤، ٥٨).

١- شێواندنی مێشک کاتێک نیوەبازنەی چەپی مێشک بەهۆی ڕوداوێک یان جەڵتەی دڵ یان بەهۆی نەشتەرگەریەوە کاریگەری زۆر توند دەکاتە سەر زمانی قوربانیەکە.

٢- دەرزیلێدانی وادە لە سۆدیۆم ئەمیتۆل جارێک بەکارهاتوە بۆ چالاک خستنی بەشێک لە مێشک لە پێش نەشتەرگەری بۆ دڵنیابون لەوەی چ نیوە بازنەیەک دەسەڵاتی هەیە بەسەر زماندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەرکەوت کە نیوەبازنەی چەپبووە. (صالح، ٢٠١٤، ٥٩)

**دەرئەنجامی ڕودانی کێشە لەبەشی چەپی مێشکدا:**

١ - لەدەستدانی توانای قسەکردن.

٢ - لەدەستدانی توانای تێگەیشتن.

٣ - لەدەستدانی توانای نوسین.

٤ - لەدەستدانی توانای خویندنەوەی ئاماژەکانی دەموچاوی بەرامبەر.

٥ - نەناسینەوەی تۆن و ئاواز.

**بە شی لای ڕاستی میشک:**

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەریانخستوە کە بەشی لای ڕاست وشەی کەمەو ڕۆنانی زۆر دیاریکراوی هەیە، سەبارەت بەکەسانی ئاسایی لەشساغیش بەشی لای ڕاستی مێشک هەر لە لەدایکبوونەوە ئامادەیی کەمترە بۆ وەرگرتنی زمان. (صالح، ٢٠١٤ ، ٦٠)

**دەرئەنجامی کێشە لەلای ڕاستی مێشکدا:**

١ - لە دەستدانی توانای ناسینەوەی شوێنەکان.

٢ - لەدەستدانی توانای ناسینەوەی روخسارەکان.

٣ - لەدەستدانی توانای جل لەبەرکردن.

٤ - لەدەستدانی هەستکردن بەخۆشی بینین.

٥ - لەدەستدانی توانای ناسینەوەی شەقام و کوچەو کۆلانەکان. (صالح، ٢٠١٣، ٦١)

**(٥/١) شەپۆلەکانی مێشک:**

شێوەیەک لەشێوەکانی دۆخی دەرونی زاڵ بەسەر ئاوازدا دەنوێنرێت کە پەیوەستە بە چالاکیە مێشکیە هاوشێوەکانیەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی نەخشەسازی کارەبای دەمار پیشاندەدەن لەکاتی وەرگرتنی شەپۆلە کارەباییە دەماردا مانای گۆڕانکاریەکانی بیرۆکەو زانین و هەستەکان.

**چوارجۆر شەپۆلی مێشک هەن ئەوانیش:**

**أ- شەپۆلی بێتا:-** ئەم شەپۆلە لەمێشکی کەسێکی تەواو بەئاگاوە دەردەکەوێت، بە دووبارەبونەوە کە زیاترە لە ١٤ خولەک لەیەک چرکەدا ئەم شەپۆلانە کاتێک دەردەکەون کە چالاکیەکانی ئاواز چەسپێنراو دەبن لەسەر بیرکردنەوە بەچوارچێوەی دەرەکیەوە، ئەو کاتەی کەسەکە زۆر نیگەران و دڵەڕاوکێدار دەبێت مێشکیش شەپۆلی بێتا دوبارەی بەرز دەکاتە دەرەوە.

**ب - شە پولی ئەلفا:-** لەدۆخێکدا دەردەکەوێت کەسەکە نیوبەخەبەر بێت و زیاتر ئاڕاستەی هەناوی کەسەکە وەرچەرخاوە، لەم کاتەدا شەپۆلەکانی ئەلفا بە دووبارەیەک کە دەگاتە ٧ بو ١٣ خولەک لەیەک چرکەدا لە مێشکەوە دەردەچێت شەپۆلەکانی ئەلفا مانای دۆخی حەسانەوەی ئاواز و ناهەڵچونە لەکاتی پشودا.

**ج - شەپۆلی سێتا:-** ئەم شەپۆلە لەو کاتانەدا دیاردەکەوێت کەهۆش لەدۆخی تەمدایە، بەهۆی خەونۆچکەوە یان لەکاتی بێهۆشیدایە، یان لەکاتی خەوتێکچوندایە لەم دۆخەدا شەپۆلەکانی سێتا بەتێکڕای دوبارەیەک دەگاتە ٤-٧ خولەک لەچرکەیەکدا لە مێشکەوە دەردەچێت، کەواتە دەتوانرێت لەوەبگەین کە هەستەکان کاریگەری تەواویان هەیە بەسەر دەردانی شێوازی شەپۆلەکانی دەماری گەر کەسەکە توانی بە شێوەی منداڵانە بیربکاتەوەو ڕەوشت بنوێنێت ئەمە مانای وایە کەمێشکی ئەوکەسە ئامادەیە بۆ ناردنی شەپۆلی سێتا.

**د- شە پۆلی دەلتا:-** ئەو کاتەی مرۆڤێک بەتەواوەتی بێهۆشبێت وەک ئەوەی لەخەوێکی قوڵدا بێت خەونەکانیش ناتوانن ئەو خەوەی لێتێک بدەن، نەخشەی کارەبایی مێشک شەپۆلی دەلتا بە تێکڕای دوبارەی ٤ خول لەچرکەیەکدا دروست دەکات دەینێرێت، ئەوکاتەی شەپۆلەکانی مێشک دەگەنە باری سفر، مرۆڤەکە ژیان لەدەست دەدات، بۆ ئەوەی مێشک کاراو چالاک بێت باشتر وەهایە شەپۆلی ئەلفا لە دۆخی بەهۆشیدا بە زۆر ئاڕاستە بکرێت). (ئاکسافیە، ٢٠١٤، ١٧_١٨_١٩).

**بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان پرۆگرامی زمانەوانی دەماری و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن**

**بەرزکردنەوەی توانای مامۆستایانی زمانی کوردی**

پرۆگرامی زمانەوانی دەماری (لە زۆربواردا بەکاردێت، یەکێک لەو بوارانە بریتییە لە بواری فێرکردن) (دزەیی،٢٠١٣،٧٠).

چونکە مامۆستا و فێرخواز دوو چینن کەوا پێویستیان بەم زانستە هەیە، (ئەم زانستەیش زۆر سودبەخشە بۆ دەرخستنی هەموو پێداویستیەکانی فێرخواز لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنیدا بۆ هەموو جۆرە تەمەنێک، ئەو شێوازەی کەوا بەکاری دەهێنێت زیاتر بۆ فێرکردنە نەک بۆ پەروەردەکردن، هەموو کێشەکانی فێرکردن چارەسەر دەکات، بۆ هەر حاڵەتێک رێگەیەکی گونجاوتر هەڵدەبژێرێت، لەبەرئەوەی لە دۆخە دەروونیە جیاوازەکانی فێرخواز تێدەگات. (باندلەر و جاردنلەر، ٢٠١٢ ،٦٧).

((بەگوێرەی هەرەمی (بلۆم) بۆ چەسپاندنی هەر وانەیەک پێویستمان بە سێ شتە ئەوانیش: (سۆز و قەناعەت، زانیاری، کارامەیی). کێشەی مامۆستای ئاسایی ئەوەیە تەنها جەخت لەسەر زانیاری دەکاتەوە، بۆیە بەکاتێکی کەم زۆرترین زانیاری دەداتە قوتابیەکانی، بەڵام قوتابی زوو لە یادی دەچێتەوە هیچ لێیەوە سودمەند نابن حەزیان بە وانەکە نیە، بەڵام مامۆستایەک کە خولی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت هەوڵدەدات ئەم سێ بنەمایە بەیەکەوە گرێبدات، بە قەناعەت و حەزەوە وەرتگرتبێت دەگاتە ٣٨٪، بەڵام ڕێژەی مانەوەی کارامەییەکان ٥٥٪، زۆرجار قوتابیان دەپرسن مامۆستا بۆچی ئێمە فلان بابەت دەخوێنین؟

ئەو بابەتە سودی چییە؟ مامۆستای ئاسایی لە باشترین حاڵەت وەڵامی دەداتەوە بەوەی کە ئێمە مافی ئەوەمان نییە! لەو حاڵەتە قوتابی دەرگای قەناعەت دادەخات و تەنها وەکو شتێکی بێزار کەر و ناخۆش وانەکە دەخوێنێت، بۆیە هیچ سودێکی لێ نابینێت لە بیری دەچێتەوە، بەڵام مامۆستای سەرکەوتوو هەوڵدەدات بەر لە هەموو وانەیەک کار لە سەر قەناعەتی قوتابیان بکات.)) (حوسێن فەرهادی، ٢٠١٢، ٦٣.٦٢).

گەر پرۆگرامی زمانەوانی بۆ مامۆستایان باس بکەین (( پرۆگرامی زمانەوانی بۆ مامۆستایان زۆر گرنگە چونکە دەتوانرێت ئەو خوێندکارانە ئاگادار بکاتەوە کە کێشەیان هەیە لە تێنەگەیشتن لە وانەکان و دیاریکردنی ئەو خوێندکارانە کە پێویستیان بە سەرنجی زیاترە بۆباشترکردن.

پرۆگرامی زمانەوانی دەماری توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەیە کە قوتابیان و مامۆستایان لە پۆلدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

یەکێک لە قورسترین ئەرکەکانی مامۆستا ئەوەیە کە ئیلهام بە منداڵان بدات بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و فێربوون. زمانەوانی دەماری لە پۆلدا بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی فێرخواز بۆ باشترکردنی توانای خوێندنەوە و نووسینیان لە قۆناغی سەرەتایی (بەگوێرەی لیکۆڵینەوەکانی (تۆنی بۆزان) ڕێژەی مانەوەی زانیاری ٧%، بەڵام ڕێژەی مانەوەی زانیاریەک ئەگەر بە قەناعەت و حەزەوە وەرتگرتبێت دەگاتە ٣٨%، بەڵام ڕێژەی مانەوەی کارامەییەکان ٥٥%، خوێندکار چێژ لەمامۆستایەک دەبینێ کە بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە، بە دڵێکی بەخۆشەویستیەوە بە زەردەخەنەیەکی ناسک و شیرینەوە پێشوازی لە قوتابیەکانی دەکات، مامۆستای سەرکەوتوو تەنها فێرکردن و پەروەردە نییە، بەڵکو بونیادنانی کەسایەتیەکی باڵای دروستی قوتابیە، خوێندکار چێژ لە مامۆستایەک دەبینێ کە بەرویەکی خۆش و گەشەوە، بە دڵێکی بە خۆشەویستییەوە بە زەردەخەنەیەکی ناسک و شیرینەوە پێشوازی لە قوتابیەکانی دەکات،

مامۆستای سەرکەوتوو تەنها فێرکردن و پەروەردە نیە بەڵکو بونیادنانی کەسایەتیەکی باڵای دروستی قوتابیە، هەر تاکێک لە ئێمەیش ڕۆژانێک ڕۆڵی خوێندکاریمان بینیوە و باش لە یادمانە کە ئەم وانانەمان بەلاوە خۆش و سەرنجڕاکێش بوون کە مامۆستای وانەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵمان بەستبو و هاندانیان هەبوو بەرامبەرمان پێیان دەگوتین ئافەرین زۆر زیرەکن یاخود ڕەفتارێکی جوانتان ئەنجام داوە ئاسودەییەکی بێوێنە و گروتینێکی زۆر رووی تێدەکردین کە ئارەزومان بۆ ئەو وانە چەندان جار زیادی دەکرد لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو وانانەمان لە ناخۆش و بێزارکەر بوو کە مامۆستا رە فتاری نادروستی لە گەڵ دەکردین و زۆربەی کەوتوی سال هی ئەو مامۆستایە بوو کە پەیوەندی دروستیان لەگەل خوێندکاراندا نەبوون.(https://www.feropedia.org).

**(١-٢) پلانی ستراتیژی تاکەکەسی بەمەبەستی گەشەپێدانی مامۆستا:**

هەمو مامۆستایەکی پێشکەوتوخواز دەبێت سەرەتا ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات:
- من کێم؟
- ئامانجم چیە؟
- خاڵە لاوازەکانم چین؟
- بۆ بووم بە مامۆستا؟
- مامۆستای سەرکەوتو کێیە؟
- پلانی وانەوتنەوە چۆن جێبەجێ بکەم؟
- چۆن جیاوازی تاکایەتی خوێندکار لەبەرچاو بگرم؟
- چۆن دەتوانم پۆل کۆنترۆل بکەم؟

هەمو ئەم پرسیارانە دەبێت هەمو مامۆستایەکی پێشکەوتوخواز لەخۆی بکات بۆ ئەوەی پرۆسەی وانەوتنەوەکەی سەرکەوتوبێت و ئامانج بپێکێت، خۆ ئەگەر مامۆستایەک شارەزایی لە پرۆگرامی زمانەوانی دەرس نەبێت، چۆن دەتوانێت پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی تواناکانی کەسی خۆی پیشکەش بکات؟!

**(٢-٢) پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان قوتابی و مامۆستا:**

پەروەردە لە کۆندا وایان هەژماردەکرد کە قوتابی دەفر و کاسەیەکی بەتاڵن، مامۆستا سەرچاوەی زانست و زانیارییە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا بەو جۆرە نیە چونکە قوتابیان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و کتێب و کتێبخانەکان زوتر دەستیان بە زانیاریەکان رادەگا، کۆمەڵێک زانیاری پێشوەختەیان هەیە، بەڵام ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە ئەو زانیاریانە ڕێکبخات و ڕاستیان بکاتەوە.

**- دەتوانین بە چوار هەنگاو وانەوتنەوەکە کاراتربکەین:**

**قۆناغی یەکەم:**

مامۆستا هەوڵدات زانیاری دەربارەی پاشخانی خوێندکار بەدەست بهێنێت لە ڕوی هەڵچون، باری ئابوری، حەز، باری کۆمەڵایەتی، شارەزاییە کارامەییەکان، ئەو کاتە گرفتەکە سەرهەڵدەدات کە بیرو باوەڕەکە نەرێنی بێت، مامۆستا دەبێت لەم قۆناغە چیبکات بۆ ئەوەی

ئەو بیرە نەرێنیە لای خوێندکار نەمێنێت؟ دەبێت لە سەرەتای هەموو دەرسێک مامۆستا بە چالاکی وزەبەخش دەستپێبکات بۆ ئەوەی قوتابی هەست بە بێزاری نەکات و دڵی بە وانەکە خۆش بێت و حەزی لێ بکات و بەپەرۆش بێت بۆ وانەکە.

مامۆستای شارەزا زمانی دەماری زۆر باش دەزانێت چۆن بگات بە حەزەکانی قوتابی و ئیشی لەسەر بکات و بیرۆکە نەرێنیەکانی قوتابی بگۆڕێت بۆ بیرۆکەی ئەرێنی چۆن پرسیارێک لەلای قوتابیان درووست دەبێت پێویستە وەڵام بدرێتەوە دەنا وانەکە کاریگەر نابێت گەر وەڵامی قوتابیان نەدرێتەوە، ئیمە بۆیە زمانی ئینگلیزی دەخوێنین بۆ ئەوەی فێری ئینگلیزی ببین، خۆ ئێمە هەمومان کوردین و کوردی دەزانین، بۆ وانەی کوردی دەخوێنین؟ سودی رستەی پرسیاری چیە؟ سودی ژیانی شاعیران چیە؟ سودی میرنیشینەکان چیە؟ واتە قوتابی حەزدەکات بزانێت ئەو وانە سودی چیە لە ژیان، ئەو کاتە ئەگەر قوتابی هەستی کرد وانەکە سودبەخش نیە بە چاوێکی کەم لەوانەکە دەڕوانێت، بۆیە دەبێت ئێمەی مامۆستا هەوڵبدەین سودەکان رون بکەینەوە بۆ قوتابیان یان هەندێکجار قوتابیان قەناعەتێکی هەڵەیان بەرامبەر شتێک، بۆ نمونە بە شێک لە قوتابیان وا هەست دەکەن مەبەست لە کاری رابردو و رانەبردو لەوانەیە کارەکە تەواو بوێت یان تەواو نەبوبێت، واتە قوتابی شارەزایی لە وانەکە هەیە، بەلام هەڵەیە و لەگەڵ بابەتێکی تر تێکەڵیکردووە، ئەبێت بەپێی یاسا رونکردنەوە بۆ قوتابیان بدەین و چێژ بەوانەکە ببەخشین بۆ ئەوەی بابەتی کوردیان لەلا خۆش بێت و چاوەڕێی وانەکە بکەن بەحەسرەتەوە.

**قۆناغی دووەم:**

پێدانی زانیاری و چالاکیەک کە لەلایەن مامۆستاوە دەدرێت بە فێرخوازان بو ئەوەی بە تایبەتمەندی و ئامانجی بابەتەکەو ئەرکەکانیان ئاشنابن، دەبێت مامۆستا ئەو گۆڕانکاریانە رون بکاتەوە کە پێویستە دوای فێربونی بابەتەکە لەبیرکردنەوە و رەفتاریاندا روبدات، کاتێک نمونەیەک دەهێنینەوە دەبێت بیری ئەوەمان بێت کە خوێندکارانی بنەرەتی و ناوەندی دەتوانن بەرجەستەییانە بیربکەنەوە، خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندیش دەتوانن واتاییانە بیربکەنەوە، لێرەدا مامۆستا جەخت دەخاتەسەر دەستور کە لەناو کتێبی ئەدەبی کوردیدا هەیە. ( محمد، ٢٠١٩، ٧٨- ٧٩).

**قۆناغی سێیەم:**

لەم قۆناغە مامۆستا و خوێندکار بەیەکەوە لەسەر وانەکە گفتوگۆ دەکەن، دواتر هەرکە بابەتێکیان تەواوکرد، پێش ئەوەی بچنە سەر بابەتێکی دیکە مامۆستا چەند پرسیارێک گونجاو لە خوێندکاران بپرسێت بەیەکەوە هەنگاو دەنێن ئەگەر خوێندکار هەر هەڵەیەکی کرد مامۆستا دەستی دەگرێت و راستی دەکاتەوە، وەک شیکارکردنی راهێنانی ناو پەرتوک.

**قۆناغی چوارەم:**

(کاتێک لەکۆتایی وانەکە نزیک بوینەوە هەلسەنگاندنێکی بچوک بۆ بابەتەکە بکەین، چەند پرسیارێکی هەمەچەشنە دەربارەی وانەکە بپرسین لە خوێندکاران و بزانین خوێندکارەکان چەند

لەوانەکە گەیشتون، ئەو وەڵامانەی وەریان دەگرینەوە لە خوێندکاران دەریدەخەن کە بابەتەکە وەک پێویست رون بوەتەوە یان نا، یاخود چ بەشێکی بابەتەکە بەکەموکورتی و رواڵەتی بەڕێکراوە؟ ، وەک ئەرکی ماڵەوە). (ئێرتوغروڵ،٢٠١٨،٢٢٣).

**(٢-٣) شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری:**

ئێمە لەناسینی جۆرەکانی کەسایەتیدا کۆمەڵێک کەسایەتی باس دەکرێن، (بەپێی سیستەمی مایرۆس- برێکس، جۆرەکانی کەسایەتی مرۆڤ لە رێگای سیستەمی نوێنەرایەتی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، ئەوەیش بەهۆی چەند پرسیار و وەڵامێکەوە دیاری دەکرێت، کە چ سیستەمێک زاڵە بەسەر کەسەکەدا، لێرەدا باسی ئەوە دەکەین چۆن زانیاری وەردەگرین لە مێشکدا، چۆن زانیاریەکان دەبەخشین.

مرۆڤ بونەوەرێکە هەمیشە بەشوێن نوێکاریدا دەگەڕێت (هەموو مرۆڤێک کاتێک لەدایکدەبێت تاوەکو بەرەو تەمەن دەڕوات، ڕۆژانە زانیاری لە سەرچاوەی جیاوازەوە وەردەگرێت و دەیبەخشێت، ئەو سەرچاوانەش بریتین: (دایک و باوک و خێزان، قوتابخانە، هاوڕێ،دەزگای ڕاگەیاندن، خودی مرۆڤ). (هۆفمان، ٢٠١٠، ١١٢ - ١١٣). دەبێ ئێمە بزانین کە خوێندکاران چ جۆرە کەسایەتیەکیان هەیە لەوەرگرتنی زانیاری لە کاتی مامۆستایەتیماندا، هەر سێ جۆرە کەسایەتیەکە بوونی دەبێت، ئێمە چۆن وا بکەین لە کاتی وانەوتنەوە هەمو خوێندکارەکان لێمان وەربگرن و لێمان فێربن؟ ئێمە زۆر جار لە کاتی تەلەبایەتیمان ئەوەمان وتووە فڵان مامۆستا زۆر زیرەکە بۆ من لێیتێناگەم، هەندێک لە خوێندکارەکان زۆر باش لێی تێدەگەن، هەندێکی تر لە قوتابیان لەگەڵ مامۆستایەکی دیکە ئاسودەبون، هۆکاری کەسایەتی مامۆستاکە لەگەڵ قوتابیەکان دەگونجان، بۆیە تێدەگەیشتن لەیەکتری، چونکە مامۆستا ئەو شێوازەی بەکاردەهێنا کە خوێندکارەکان لێی تێدەگەیشتن، دیلکارنجی باسی ئەوە دەکات دەڵێت سێ بنەمای سەرەکی هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری (یان وانە وتنەوە):

(بەصری واتا بینراو، سەمعی واتا بیستراو، حیسی واتا هەستەکی). پەندێکی چینی هەیە کە کۆنفۆشیۆس دەڵێ:

بیڵێ - منیش لەبیری دەکەم.


پیشانمبدە - تاوەکو بەبیرم بێتەوە.

بەشداریم پێبکەن (ئەوە بێگومان بەبیرم دێتەوە).

(جەلال، شێوازەکانی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری،

https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8

آ. کەسی بینەر یان بەصری:



یەکێک لەجۆرەکانی کەسایەتی ئەم جۆرە سیستەمە هەر شتێک بەچاوی خۆی نەیبینێت ناتوانێت باسی بکات، جیهان لە شێوەی وێنە دەبینێت و جیهانی لە شێوەی وێنە بیردەکەوێتەوە، کاتێک قسە لەگەڵ کەسی بەرامبەر دەکات چەندجار ئەم وشەیە دوبارە دەکاتەوە: (تۆ سەیر بکە، تۆ سەیرم بکە، تێبینی بکە، ڕونە، ئاشکرایە) لە قسەکردندا زۆر بەکاری دەهێنێت، کەسایەتیان ئەوەیە بەپەلە قسەدەکەن، بەپەلە هەناسەدەدەن، باسی داهاتو زۆر دەکات، لە قسە کردندا حەزدەکات هەمیشە چاوی لەو کەسەبێت کەقسە دەکات، بو نمونە خوێندکارێک لەپۆلدا بۆڵەبۆڵ دەکات مامۆستا تورەدەبێت ئەڵێت بۆ قسەدەکەیت ئەویش دەڵێ ئەوەی بەردەمم نایەڵێت تۆ ببینم، لە کاتی وانەوتنەوە بۆیە تیناگات لەوانەکە و بۆڵەبۆڵ دروستدەکات، توانای وێناکردنی زۆریان هەیە لەخەیاڵدا.

بۆ نمونە کە شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە یەکسەر وێنەی ئەو بابەتە دەکات لە مێشکیدا و ڕەسمی بۆ دروست دەکات، جاری وا هەیە کە چیرۆکێک دەگێڕیتەوە بۆ جەماعەتێک یەکسەر بەخەیاڵی خۆیان وێنەی چیرۆکەکە لەمێشکی خۆیاندا دروست دەکەن، هەمیشە لەجوڵەو چالاکیدا دەستیان بەرز دەکەنەوە دەبێت دەستیان ببینن لە کاتی قسەکردندا، سەیری سەرەوە دەکەن لەکاتی قسەکردندا چاویان زۆر ئەجوڵێنن حەزدەکات بابەتەکان بەشێوەی گشتی بزانێت پێش ئەوەی وردەکاریەکان بزانێت. (هەمان سەرچاوەی پێشو).

ب - کەسی بیسەر (سەمعی):



یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی کەسایەتی (کەسایەتی ئەم جۆرە سیستەمە بەهۆی بیستنەوە فێر دەبن، زۆر قسە لەگەڵ خەڵک دەکەن. (محەممەد، ٢٠١١، ٤٣)، زانیاریەکان وەردەگرێت لە ڕێگەی گوێگرتنەوە، زۆرجار حەزدەکات لە کاتی سەیرکردن یان قسەکردن گوێی لە دەنگی خۆی بێت کاتێک زانیارییەکان دەڵێتەوە. (جەلال، شێوازەکانی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری، https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8
(زیاتر ئەم وشانە زۆر بەکاردەهێنێت لە کاتی قسە کردندا: گوێبگرە، گوێم لێبوو، قسەبکە، چەنەبازی، زمانت بگرە، ...هتد)، (دزەیی، ٢٠١٣، ٩٢).

حەز دەکات ناو و شتەکان باس بکات کە گوێی لێبوە، زۆربەی زانیاریەکان لە ڕێگەی گوێگرتنەوە تۆمار دەکات، بە هێمنی هەناسە دەدەن، بایەخی زیاتر بە دەنگ دەدەن، بۆ نمونە کاتێک مامۆستا وانە بۆ خوێندکاران شەرح دەکات ئەگەر خوێندکارێک کەسایەتی سەمعی هەبێت گوێی

له دەنگی مامۆستا نەبێت لە کاتی وانەکە ئەوا دووچاری بێتاقەتی دەبێتەوە و وانەکە بە باشی تێناگات، ئەم کەسایەتیە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات کاتێک کە مەشغوولە، چاویان ڕوودەکاتە یەکێک لە گوێچکەکانیان بڕیارەکان لەسەر بناغەی ئەوەیەکە دەیبیستن) (جەلال، شێوازەکانی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری،
https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8

**چۆن دەرس بە کەسانی سەمعی بووترێتەوە؟ چۆن یارمەتیان بدەین؟**

١- وا باشە زانیاریەکان بڕگە بڕگە باسبکرێت.
١- حەز دەکات بەشداری پێبکرێت.
٢- دەبێت شێوازی پرسیار و وەڵام زۆر بەکاربهێنرێ بۆیان.
٣- زانیاریەکان زۆر دوبارە بکرێنەوە بۆیان لەکاتی وانەوتنەوە.
(جەلال، شێوازەکانی فێربون و وەرگرتنی زانیاری،
https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8

قوتابیان بۆخۆیان سود لە مۆبایل ببینن بۆ ئەم مەبەستە. من خۆم کاتێك لە پۆلی ١٢ بوم کە دەچم بۆ قوتابخانە کاتێك ئەهاتمەوە بۆ ماڵەوە خوێندنی ڕۆژانەم دەکرد پێش ئەوەی دەستم بکردایە بە سەعی وانەی تازە بۆ سبەینێ دەچوم بە یوتیوب گوێم لەو دەرسانە ئەگرتەوە کە تێینەگەیشتبوم لە قوتابخانە ئەمە یارمەتی زۆری ئەدام لە زیاتر چەسپاندنی وانەکە لە مێشکمدا وەک وانەی بیرکاری و ئیپسۆدی ئینگلیزی.

**ج - کەسایەتی هەستی:**

جۆرێکی دیکە لە کەسایەتی هەیە کە کەسێکی جیاوازە لە دوانەکەی پێشوو، (ئەم جۆرە کەسایەتیە لە بیرکردنەوەکانیدا پشت بە بنەمای ئەو زانیاریانە دەبەستێت، کە لە ڕێگای هەستی بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدانەوە وەریدەگرێت، لەبەر ئەم بنەمایەش زانیاریەکان کۆدەکاتەوە). (محمد، ٢٠١٤، ٦٥).

هەروەها (نەرمونیانی ئەم جۆرە مرۆڤانە لە ڕادەبەدەرن، زۆر هەست ناسکن، بەڵکو هەست و سۆزیان بە شێوەیەکی بەرچاو کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانیان دەکات).(صالح، ٢٠١٤، ١٠٣).

ئەم جۆرە کەسانە بە قوڵی هەناسە دەدەن بە شێوەیەك گەر لە پاڵیان بیت هەستیان پێ دەکەیت، زۆربەی کات بێدەنگن و قسەناکەن، زۆر بە هێواشی قسەدەکەن، ئەم جۆرە کەسانە زۆر بیر لە ڕابردو دەکەنەوە، زۆر دەچنە ناو وردەکاری بابەتەکانەوە، شت زۆر ورد دەکەنەوە، لەکاتی قسەکردندا سەیری خوارەوە دەکەن.(جەلال، شێواز مکانی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری،https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8)

ئەم جۆرە کەسایەتیە دەبێت چالاکی تاقیگەییان زۆر پێبکەین، بیانکەین بە گروپ بۆئەوەی شتەکە بەدەسی خۆی بکات.

**د. سیستەمی تێکەڵ:**

له قوتابخانەکانی کوردستان له هەر پۆلێکدا ژمارەیەکی زۆر خوێندکار هەیە، ئەوخوێندکارانە بەسەر هەرسێک بەشەکە دابەشبون، مامۆستا ناتوانێت گروپ گروپ لێکیان جیابکاتەوە، یان دەستنیشانی شیوازەکەیان بکات، بەتایبەت له قۆناغی بنەڕەتیدا، بۆیە دەبێت مامۆستای سەرکەوتو رەچاوی هەرسێک جۆرە کەسایەتیەکە بکات بۆ ئەوەی پرۆسەی وانه وتنەوەکە سەر کەوتوو بێت چۆن؟ بۆ نمونه بەکارهێنانی بەرزی و نزمی دەنگ، بەکارهێنانی ڤیدیو و فلاشکارت، بەکارهێنانی وێنه زۆر، دوبارەکردنەوەی وانەکە بەتایبەت بۆ قوتابیانی سەمعی کەزۆر حەزیان پێیەتی بۆیە مامۆستایەک شارەزا نەبێت له پرۆگرامی زمانەوانی دەماریدا ناتوانێت ئەم پرۆگرامە پەیرەوبکات واته لەکاتی وانەوتنەوەدا جەخت لەسەر هەمو تایبەتمەندیەکانی هەرسێک سیستەمەکە ناکاتەوە بەلام دەکرێت یەکێک لەسیستەمەکان زیاتر جەخت بکاتە سەری، مامۆستای سەرکەوتو دەبێت بەم شێوەیە پرۆسەی وانەوتنەوە جێبەجێبکات واته مامۆستای سەرکەوتو هەرسێک جۆرەکەیان بەکار بهێنێت کەبۆ هەرسێکیان باشه.

**[٤/٢] چەند راهێنانێک بۆ زیادکردنی تەرکیز و بەهێزبونی یادگە:**

یەکێک لەو کێشانەی که روبەڕوی خوێندکار دەبێتەوە هەم لەناو پۆل هەم لەناو خوێندندا ئەوەیە خەیاڵ رۆیشتن و نەمانی تەرکیزە، تەنانەت ئەم گرفتە روبەڕوی مامۆستایش دەبێتەوە، نەمانی تەرکیز شتێکە روبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە بەگشتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چەند مەشق و راهێنانێک هەیە بۆ هێنانەوەی تەرکیز بۆ ئەوەی مروڤ زاڵ بێت بەسەر خۆیدا بەڵام ئەم راهێنانە کاتی دەوێت و بەردەوامی دەوێت، لێرەدا باسی چەند راهێنانێک دەکەین که پەیوەسته بەهەستی بیستن و هەستی بینین:-

آ- راهێنانی بەهێزکردنی هەستی بیستن:

ئێمە دەزانین دەنگەکانی دەوروبەر وەک دەنگی تەلەفزیۆن ، سەیارە ، رادیۆ، خەڵک جەنجاڵی بۆ مرۆڤ دروست کردووه ، ( بیستنیش هیچ فلتەرێکی نیە هەمو دەنگەکان به ئاسانی دێته ناو گوێمان چۆن بتوانین کۆنترۆڵی بیستن بکەین؟ هەوڵبدە لەناو ئەو دەنگە دەنگەی لەچواردەورتدایە تەنها تەرکیز بخەرە سەریەک دانە یان کاتێک تەرکیز ئەخەیتە سەر یەک دەنگ یان دەنگەکانی تر ئۆتۆماتیکی خامۆشدەبن تەنها ئەو دەنگەی گوێی لێ رادەگری بەرز ئەبێتەوە بۆ نمونەکاتێک لەماڵێک دانیشتوین یەکێک تەلەفۆن دەکات

یەکێک قسه دەکات، وەره چاوت دابخه تەنها تەرکیز بخەرە سەر یەک دەنگیان، هەروەها ئەم راهێنانە بۆ خوێندکاریش زۆر گرنگە لەکاتی سەعیکردن بۆ ئەوەی رابێن چۆن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن مێشکیان تەنها لەسەر ئەو بابەتە دانێن که پێویستیان پێیەتی بەهێزکردنی تەرکیز بۆ هەمو ژیان پێویسته چۆن بتوانین کۆنترۆڵی بیستن بکەین هەوڵبدە لەناو ئەو دەنگە دەنگەی له چواردەورتایە تەنها تەرکیز بخەرە سەر یەک دانەیان کاتێک تەرکیز دەخەیتە سەر یەک دەنگیان دەنگەکانی تر ئۆتۆماتیکی خامۆش دەبن، تەنها ئەو دەنگەی گوێی لێڕادەگری بەرز دەبێتەوە . (هەمان سەرچاوە)

**ب - راهێنانی بەهێزکردنی هەستی بینین:**

گەر راهێنانێک بکەین بۆ بەهێزکردنی هەستی بینین ئەوا دەبێت پەڕەیەکی ئەیفۆڕ بێنیت وێنەیەکی شێوە حەلەزۆنی لەسەر دروستبکەیت لەڕێکی چاوی خۆت هەڵیبواسە بەدیوارێکەوە لەدوری یەک مەتر بۆ ٦٠ سم لەبەرامبەری دابنیشە، دواتر بەچاو لەکلکەکەیەوە چاو دەبەیت بەبێ جوڵانی گلێنە کەواتە چاوت بەیەک ئاراستە دەبێت هەتا دەگەینە ناوەڕاستەکەی دواتر بەپێچەوانەوە چاوت دەهێنیتەوە تاوەکو دەگاتەوە کلکی هێلەرەشەکە ئەم راهێنانە هەوڵبدە کە یەک سورِ دەکەیت یەک سورِ بێیتەوە، نابێت چاوت بتروکێنیت لەبەینیاندا کەچاوت تروکاند ئەبێت دوبارەی بکەیتەوە لەسەرەتاوە، ئەم راهێنانە زۆر باشە ٣ تا ٤ جار بیکەی هەم بۆ تەرکیز هەم بۆ چاو بەسودە سودێکی زۆری هەیە بۆ بەهێزکردنی چاو و تەرکیز). (هەمان سەرچاوە)

وەهەمان پەڕەی ئەیفۆڕ بهێنە خاڵێکی رەشی لەسەر بکەو لەڕێکی چاوی خۆت هەڵیبواسە بەدیوارێکدا تەرکیز بخەسەر خاڵە رەشەکە هەوڵبدە چاو نەتروکێنیت لەو ماوەی کەسەیری دەکەیت ئەگەر ٣٠ سانیە سەیرت کردو و چاوت هیلاک بوو ئەوا ئیسراحەت بکە و چاوت بتروکێنە، پاشان دوبارە سەیری بکەرەوە سەرەتا ئەم کارە قورسە بەڵام کە راهاتیت دەتوانی زیاد لەیەک دەقەیش یان دو دەقەیش بەردەوام بیت دوای سەیرکردنی خاڵەکە چاوت دابخە خاڵەکە دێتەوە بەرچاوت بەچاوی داخراو سەیری خاڵەکە بکە تا خاڵەکە کاڵدەبێتەوە و نامێنیت دواتر چاو بکەرەوە سەیری خاڵەکە بکەرەوە هەر چەند ئەتوانیت ئەمە زۆر کاریگەری هەیە بەتەواوەتی مێشک خامۆش دەبێت، حاڵەتی روناکبونەوە لە تۆدا رودەدات ئەم راهێنانە نابێت لە شوێنێکی زۆر تاریک یان زۆر روناک ئەنجام بدرێت.

ج - راهێنانی بەیەکەوە بەستنی زانیارییەکان:-

لە راهینانی بەیەکەوەبەستنی زانیارییەکاندا سەرچاوەیەک دەڵێت، لە (لە یادمە کاتێک لەقۆناغی ناوەندیدا بوم زۆر بەنارەحەت نەخشەی جیهانم بۆ لەبەردەکرا، بۆیە براکەم هاتەلام و پێیگوتم بزانە نەخشەی هەر وڵاتێک لەچیدەچێت، بەوەدا بیناسەوە لەبەریبکە، بەم شێوەیە بەکەمتر لە ١٠ خولەک توانیم هەمو نەخشەکە لەبەربکەم.

واتە دەکرێت زۆر زانیاری نوێ لەبەربکەین لە رێگەی پەیوەستکردنەوەی بە زانیاریەکانی پێشو، ئەو زانیاریانەی کە هێشتا نامۆو تازەیە لات بەو شتانەوە گرێی بدەی کە رون وئاشکران لات)) . (الصباغ، ٢٠١٤: ٩٣).

د- راهێنانی خەیاڵکردن:

دەتوانین لەڕێگەی خەیاڵکردن شتەکان بەبیر خۆمان بهێنینەوە ئەمەش مێشکمان زۆر جەنجاڵدەکات، بەبەردەوامی لەناو ئەم یادەوەرییانە ئەژین لەڕوی خەیاڵەوە سەیری ئاینده بکەین، (٩٠٪) ئەو کاتانەی کە بەخەبەرین یان بیر لە رابردو دەکەینەوە یان لە ئایندەدا دەژین، ئەم ڕاهێنانە بۆ ئەوەیە تۆ بێیتەوە بۆ ئیستا بۆ ئەوەی چەند دەقەیەکیش بێت بیرنەکەیتەوە، (( لەکاتی خوێندنەوەی وانەکانتدا بیر و هۆش و خەیاڵت بهێڵەرەوە، چونکە هەر کات ئەو شتەی لەخەیاڵتدا وێناکرد کە دەیخوێنیتەوە و هێنانەوە بەرچاوت، ئەوا ئاسانتر و زیاتر ئەو شتانەت بۆلەبەردەکرێت، هەرکاتێکیش پێویستت بەبیرکردنەوەی ئەو زانیاریانە بو بەئاسانی و بەخێرایی و بەوردی دێتەیادت، چونکە هەرچیت خویندەوەتەوە بەخەیاڵ هێناوتەتە بەرچاوی خۆت، هەمو هەستەکانت لە کرداری خوێندن و لەبەرکردنەکەدا چالاکانە بەشدارپێکردون، ئەمەی

كە ناودەبرێت بەدەوڵەمەندکردنی خەیاڵ تەنها زاراوەیەکی زارەکیەو تەواو، بەڵکو میکانیزمی زۆر سەرکەوتوی خوێندنەوە و تێگەیشتن و لەبەرکردنت پەیڕەوکردوە، ئەمەش نەک تەنها بەخەیاڵ هێنانەوە بەرچاوی وێنەیەک بەڵکو لە خوێندنەوەی چیرۆکێکدا هەستەوەرەکانی بینین و بەرکەوتن و بۆنکردن و بیستنیش بەشدارییێکردوە لەبەرئەوەی خەیاڵ بنەمایە بۆ بیرکەوتنەوەی زانیاریە لەبەرکراوەکان)).

(الصباغ، ٢٠١٤: ٧٠).

[٥/٢] گۆرانی:

بابەت و زمانی ئەدەبی کوردی چە ندان شیعر و هۆنراوەی ناسک و جوان لەخۆدەگرێت، ((وتنەوەی وانە لەم ڕێگەیەوە بۆ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی زۆر گونجاوە، چونکە فێرخواز لەم قۆناغە هێشتا فێری خوێندنەوە نەبون، پشت بە بیستن دەبەستن، بۆ نمونە پەرتوکی پۆلی یەکەم بە شیعر دەستپێدەکات بەناوی (پەرتوک (ل ٥) کەیەکەم قۆناغی خوێندنی منداڵە ، هێشتا فێری هیچ خوێندنەوەیەک نەبون )) (عبدولکریم ؛٣٢:٢٠١٢)، لەبەرئەوە مامۆستا ڕێگەی گۆرانی بەکاردەهێنێت لەکاتی وانەوتنەوە بۆ نمرەی خوێندکاران هەر لەیەکەم وانەوە چێژ لەوانەکە وەربگرن و حەزیان بۆ بابەتەکە زیاتربێت.

[٦/٢] پێنج ڕەگەزی سەرەکی هەیە بۆ یارمەتیدانی یادەوەری و هێنانەوەی زانیاری:

١- لەپێشترین ((لە روی ڕێکخستن و گرنگیەوە، ئەگەر چوار هەلومەرجەکەی تر وەکیەک بون؟ ئەوە تۆ تەنها سەرەتای روداوەکانت دەکەوێتەوە یاد لەچاو ناوەڕاستەکەی، زیاتر یەکەم روداوت دەکەوێتە یاد تا ئەوانیتر، لەبەرئەوە پێدەچێت تۆ لەیەکەمین تێستدا شەش وشەی یەکەمت زۆر بەباشی هاتبێتەیاد.)) (بوزان ؛ ٣٨:٢٠١٠).

٢- تازەیی((تازەیی لەڕوی نزیکی لەڕودانی، مرۆڤ زیاتر ئەو روداوانەی دێتەوەیاد کە تازەو لەم دوادوایانە رویانداوە، لەژیانی رۆژانەیشدا دەرکەوتوە باشتر بیرتدەکەوێتەوە تا پێرێ و بەسرپێرێ، بۆ نمونە روداوەکانی قۆناغی منداڵی روداوەکانی ئەم دوادوایانە زوتر دێتەوەیاد تا روداوەکانی ناوەڕاستی تەمەن نایەتەوەیاد)). (بوزان؛ ٢٠١٠؛ ٣٨).

٣- پێکەوەگرێدان: ئەو شتانە ئاسانتر دەکەوێتە یاد کەگرێدراون بە بەشێکی ترەوە، لەچاو ئەو شتانەی کە بەهیچ شتێکی ترەوە گرێنەدراون)). (بوزان؛ ٢٠١٠؛ ٣٨).

٤- دەرکەوتن: لەوانەیە تۆ هەرشتێک کە سەیرو نامۆ بێت یەکسەر بکەوێتەیادت، یاخود شتێک کە ناسروشتی بێت و بەدەربێت لەرەوتی گشتی و بەرچاوبێت، روداوەکە زۆر بەئاسانی دێتەوە یاد، ئەگەر خراپ بێت یاخود باش)). (بوزان؛ ٢٠١٠؛ ٣٨).

٥- ((پێداچونەوە زۆر لە زانایانی هاوچەرخی دەروونناسی پێیانوایە کە پرۆسەی یادهێنانەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان پشت ئەبەستن بە پێداچونەوە، لەبەر ئەوەی هەرشتێک پێداچونەوەی بۆبکرێت لە دەماغدا بەباشی دەتوانێت پاشەکەوتبکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کەبەشێوەیەکی لاوەکیانە ئێمە بمانەوێت زانیاریەکان ئەمباربکەین)). (بوزان؛ ٢٠١٠؛ ٣٨).

شێوازی بەپرسیارکردنی وانەکان:-

پێغەمبەری خودا (د.خ) لەدەستپێکی فەرمودەکانیدا چەند پرسیارێکی لە هاوەڵان (خوایان لێڕازیبێت ) دەکرد تا بیروهۆشیان بەئاگا بهێنێتەوە ئامادەیان بکات بۆ وەرگرتنی وەڵامەکان، پاشان هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بەم شێوەیە وشەکانی زیاتر لە مێشک و یادەوەری ئامادەبواندا دەچەسپین، هەرکاتێکیش هاوەڵان( خوایان لێڕازیبێت) بیانویستایە بیریان بکەویتەوە، ئەوا بەئاسانتر و خێراتریش بیریان دەکەوتەوە)). (الصباغ؛ ٢٠١٤:٨٠).

ئەنجام:-

١ -پرۆگرامی زمانەوانی دەماری سودی بۆ مامۆستا و فێرخوازە، وادەکات مامۆستا بگونجێت لەگەڵ

فێرخوازان، بۆ مەبەست و ئامانجی خۆی رایانبکێشێت.

٢ -مامۆستا دەتوانێت تەکنیکی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی پلەی مامۆستا و راهێنەر

تێپەڕێنێت و بگات بە پلەی مودەریب و واتە ٪٨٠ زانیارییەکان لەمێشکی قوتابیان بچەسپێنێت.

٣ -پرۆگرامی زمانەوانی دەماری زۆربەی گرفتەکانی خوێندن چارەسەردەکات، بۆ هەمو حاڵەتێک رێگایەکی

گونجاوتر هەڵدەبژێرێت، چونکە لە دەرونی قوتابیان تێدەگات و شارەزایە لەگەڵ مامەڵەکردن

لەگەڵیان.

٤ -مامۆستا دەتوانێت لە رێگای دیاریکردنی جۆری کەسایەتی قوتابیان لە روی وەرگرتنی زانیارییەکان

هاوکاری و یارمەتی پێشکەشی خوێندکاران بکات، بەوەی کام رێگاو شێوازی وانەوتنەوە و کام ئامرازی

وانەوتنەوە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بەئاسانترین شێوە زۆرترین زانیاری بگەیەنێتە خوێندکاران

٥ -شارەزابون لەبنەماکانی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری کاریگەری هەیە لەسەر بابەتی رێکخستنی پۆل،

رەخساندنی کەشێکی ئارام لەناوپۆل، کە بنەمایە بۆ فێربون.

٦ -پرۆگرامی زمانەوانی دەماری یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی گەشە بە تواناکانی خۆیبدات، پلانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ستراتیژی تاکەکەسی بەکاربهێنێت بۆیە مامۆستا ئەگەر بیەوێت ببێتە پەروەردەکارێکی سەرکەوتو بۆ

خوێندکارەکانی دەبێت زۆرباش پێبگەیەنێت لە هەمو لایەنێکەوە.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: کتێب

أ- کتێبی کوردی:


١ -بوزان، تونی، ٢٠١٠، مێشک... بەکارهێنانی توانا بێسنورەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢ -ئێکسافیە، فرانسیس (د)، ٢٠١٤، گامەی مێشک چۆن تواناکانی مێشک بەهێزدەکەی، چاپی یەکەم، چوارچرا.

٣ -سامپسن، هێمسەر، مایەر، سیپین، ٢٠٠٧، مێشکت بناسەو بەکاریبێنە، چاپی یەکەم، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر.

٤ -خۆشناو، نەریمان (د)، ٢٠١٦، زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥ -دزەیی، عەبدولواحید مورشید (پ.ی.د)، ٢٠١٣، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری، پرۆگرامکردنی فۆرماتکردنی بیر.

٦ -ئێرتۆغرۆل، خالید (د)، ٢٠١٨، ڕێبەری مامۆستا بەرد و سەرکەوتن، چاپی دووەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی نارا، سلێمانی.

٧ -محەمەد، کاوە عەلی (د)، ٢٠١٩، هونەری وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی پۆل، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٨ -الصباغ، عبدالرحمان، ٢٠١٤، شێوازەکانی سەعیکردن و هونەرەکانی لەبەرکردنی خێرا، ناوەندی ڕاگەیاندنی نارا، سلێمانی.

٩ -حەیدەر، محمد، ٢٠١١، مامۆستای سەرکەوتو لە کەسایەتی وکاری پیشەییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.


ب - کتێبی عەرەبی:


١٠ -هوفمان، روبير، ٢٠١٠، مهارات الذهنية، الطبعات الثانية، مكتبة الهلال للنشر والتوزيع، القاهرة.

١١- الفقي ،ابراهيم، ٢٠١٤، الذاكرة والتذكير(وصناعة التركيز و والخرائط الذهنية)، دار للنشر والتوزيع، مصر.

١٢ - باندلر، ريتشارد جاردنلر، فرانک، ٢٠١٢، البرمجة اللغوية العصبية فوائد وأسرار،ترجمات، هند
رشدي، دار الحياة للنشر والتوزيع، القاهرة.
دوەم: توێژینەوەی ئەکادیمی:
١٣ - محمد ئەمین، ئەژین ئەکردم، ٢٠١٤، رۆڵی زمانەوانی دەماری لەبەرەو پێشبردنی خوێندنی زانکۆییدا،نامەی ماستە ر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.
١٤ - صالح، دەرون عەبدولرەحمان (پ.ی.د)،٢٠١٤، رۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونی تاکدا،
نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٥ - عبدالكريم، شاگول عثمان، ٢٠٢٢، کاریگەری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربوندا- قۆناغی بنەرەتی
بە نمونە نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی.
١٦ - حوسێن، رابەر فەرهاد، فەرهادی عاطف عەبدوڵا، ٢٠١٢،کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدیین.
سێیەم: بلاوکراوەکان:
١٧ - محمد، هیمداد عبدالقهار (د)، مێشک و زمان.
چوارەم: پێگەی ئەلکترۆنی:
١٨ - لاجان، ١٤٠٢ هەتاوی، کۆئەندامی دەمار چیە، ماڵپەڕی لاجان: https://lajan.ir/index.
١٩ - ئەحمەد، ڕێزدار، ٢٠٢١، کۆئەندامی دەمار، ماڵپەڕی زانیار: https://zaniary.com
٢٠- https://www.feropedia.org
٢١ - جەلال تریفە شێوازەکانی فێربون و وەرگرتنی زانیاری، ٢٠١٩، https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8

List of sources:
First, the book
أ- Kurdish Books:
1- Buzan, Tony, 2010, Brain... Using its Unlimited Abilities, First Edition, Ganj Printing House, Sulaimani.
2. Exafia, Francis (D), 2014, Brain Game How to Strengthen Brain Abilities, 1st edition,
Chawarchra.
3. Sampson, Hemser, Meyer, Sipin, 2007, Know and Use Your Brain, 1st ed and author broadcast.
4- Khoshnaw, Nariman (D), 2016, Practical Linguistics, First Edition, Hevi Printing House, Erbil.
5- Dzeyi, Abdulwahid Murshid (P.D.), 2013, Neurolinguistic Programming, Programming
Thought formatting.
6- Ertugrul, Khalid (D), 2018, Teacher's Guide to Stone and Success, Second Edition, Media Center

Nara, Sulaimani.
7- Mohammed, Kawa Ali (D), 2019, The Art of Teaching and Classroom Management, First Edition, Printing House
Tehran.
8. Al-Sabagh, Abdul Rahman, 2014, Methods of Trying and the Arts of Quick Wear, Central
Nara Media, Sulaimani.
9- Haider, Mohammed, 2011, Successful Teacher in Personality and Professional Work, First Edition, Printing House
Minara, Erbil.
b) Arabic books:
10. Hoffman, Rubir, 2010, Mental Skills, Second Editions, Crescent Publishing and Distribution Office, Cairo.
11- Al-Faqi, Ibrahim, 2014, Memory and Remembrance (Industry of Concentration and Mental Pursuit), Dar Publishing and Distribution,
Egypt.
12. Bandler, Richard Jardenler, Frank, 2012, Neural Language Program Benefits and Secrets, Translations, India
Rushdi, Dar al-Hayat for Publishing and Distribution, Cairo.
Second: Academic Research:
13. Mohammed Amin, Azhine Akardam, 2014, The Role of Neurolinguistics in Improving Education
Master's Degree, Salahaddin University, College of Language.
14- Saleh, Darun Abdulrahman (P.D.), 2014, The Role of Language in Directing the Psychological Aspects of the Individual,
PhD thesis, School of Language, Sulaimani University.
15- Abdulkarim, Shagul Osman, 2022, The impact of children's poetry in the learning process - primary stage
For example, Master's degree, College of Primary Education, Sulaimani University.
16- Hussein, Raber Farhad, Farhadi Atif Abdullah, 2012, College of Language, Salahaddin University.
Third: Publications:
17- Mohammed, Himdad Abdulqahar (D), Brain and Language.
Fourth: Website:
18. Lajan, 1402 AH, What is the nervous system, Lajan website:
https://lajan.ir/index.
19- Ahmad, Rezdar, 2021, Nervous System, Zanyar Website:
https://www.zaniary.com
20 - https://www.feropedia.org
21 - Jalal Trifa Methods of Learning and Acquiring Information, 2019,
https://www.youtube.com/watch?v=6p9k-sikFl8